# ستراتیژی نوێی ئەمریکا: ئەجیندای گۆڕینی جیهان

بەختیار کەریم

مرۆڤی خۆرئاوایی، ئەمریکاییەکان لە هەناویدا، بەردەوام بە دیدێکی ڕەشبینەوە لە ڕووداوە خوێناوییەکانی ڕابوردوو دەڕوانن. دیدێک کە تەمی مرۆڤدۆستی و هەستکردن بە گوناهێکی درەنگ وەخت دایدەپۆشێت، زیاتر وەک لە تێڕامانێکی قووڵ بۆ ئەو ڕووداوە دیاریکراوە لە چوارچێوە مێژوویی و سیاسیەکەیدا. لە ئێستادا جەنگی عێراق یەکێکە لەو ڕووداوانەی ئەگەرچی هێشتا بەردەوامە، بەڵام بازنەی ناڕەزایی تادێت فراوان دەبێت، بەتایبەتی لە ئەمریکا. زۆرن ئەوانەی گومان لە دووبارەبوونەوەی تەنگژەی ڤێتنام لە عێراق دەکەن، ئەگەرچی کەمن ئەوانەی زانیاری وردیان لەسەر ڕووداوەکە هەیە. بەڵام بەڕێوەبەرێتی بوش بەپێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکانەوە و بە لەبەرچاونەگرتنی کۆی ناڕەزایەتییەکان، ستراتیژی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی دادەڕێژێت کە لێرەدا لە هێڵە گشتییەکانی دەڕوانین.

"ئەمریکا لە جەنگدایە". پێشەکیی ڕاپۆرتەکە کە بوش خۆی نووسیویەتی بەم ڕستە هەڕەشە ئامێزە دەست پێدەکات. ڕستەیەک کە بە گووتەی شارەزای بواری ئاسایشی جیهان "پۆڵ ڕۆجەرس" جیهان وەک "گۆڕەپانی جەنگ دەبینێت"[1]. ئەگەرچی هەندێک لەو بڕاوایەدان کە بوش لە پێگەی پارێزگاریی لەخۆ کردندایە، لێرەدا بە پێچەوانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەمریکا ئاشکراتر لە جاران سیاسەتی دەرەوەی خۆی دادەڕێژێت، بەڵام هاوکات دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی جەنگی عێراق بەڕێوەبەرێتی بوشی ناچارکردوە پاشەکشە لە ئەجێندای گۆڕینی ڕژێم لەڕێگای هێزەوە بکات، لەجیاتی ئەوە هەوڵی گۆڕینی ڕژێم لە ڕێگای دیپلۆماسی یەکلاکەرەوەوە بدات. ئەمە بەو واتایە نییە هەڵبژاردەی جەنگ و ئەگەری جەنگ لێمان دوور دەکەوێتەوە، بەڵکو بەو واتایەی جەنگ دوا هەڵبژاردە دەبێت، چونکە لە ئێستادا ئەمریکا ناخوازێت بەرەیەکی دیکە بکاتەوە و هاوکات ئەگەری هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ جەنگێکی نوی زۆر لاوازە.

ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی لە 06/03/16 دا و پاش چاوەڕانیەکی درێژ بڵاوبۆتەوە[2]. لێرەدا دەکرێت پێنج هێڵی سەرەکیی لەم ڕاپۆرتە دیاریبکەین کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی پێش خۆی.

- مافی پەلاماری دەستپێشخەریيانە (pre-emptive attacks).
- جەنگ لە دژی ئیسلامی ڕادیکاڵ.

- بینینی ئێران وەک دوژمنی سەرەکیی.
- وریایی بەرامبەر ڕوسیا و چین.
- هاندانی گۆڕینی ڕژێم لە ڕێگای دیپلۆماسی یەکلاکەرەوەوە (transformational diplomacy).[3]

سەرەتا دەبێت خوێنەر لەوە ئاگادار بکەینەوە کە وەرگێڕانی چەمکی "دیپلۆماسی یەکلاکەرەوە" بۆ کوردی وەرگێڕانێکی دەقاودەقی وشەی دووەمی چەمکەکە نییە بەڵکو وەرگێڕانی مەبەستی سەرەکیی چەمکەکەیە، هەربۆیە وشەی یەکلاکەرەوەمان بە دروستتر زانی لە وشەی گۆڕانئامێز. پاشان دەبێت بپرسین واتای ئەم چەمکە نوێیە چییە کە بەڕێوەبەرێتی بوش بە سیاسەتی دەرەوە و بواری دیپلۆماسی دەناسێنێت، "دیپلۆماسی یەکلاکەرەوە" چییە؟ "ستیڤن کراسنەر" بەرپرسی سیاسەت و پلاندانان لە وەزارەتی دەرەوە و یەکێک لە ئەندازیارانی ئەم چەمکە نوێیە، دیپلۆماسی یەکلاکەرەوە بەم شێوەیە پێناسە دەکات:

> بەکارهێنانی سەرچاوە و تواناکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی گۆڕان لە سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەتاندا، لەڕێگای هاوکاریی دارایی، فشاری سیاسی و هاندانی دیپلۆماسیەوە. ئەمەش لەپێناو بەدیهێنانی ئاسایش، دیمۆکراسی و پێشکەوتن لە کۆی جیهاندا بەگشتی و بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە دەوڵەتی بێهێز و شکستخواردو توانایان نییە "سەرەوریی بەرپرسیارانە" پراکتیزە بکەن. ئەمە گۆڕانێکی بنەڕەتیە لە تێڕوانینماندا بۆ دیپلۆماسی، ئەگەر دیپلۆماسی تا ئێستا مانای ڕێکخستن و هاندانی گۆڕان بووبێت لە پەیوەندی نیوان دەوڵەتاندا، چیتر دیپلۆماسی واتاکەی دەگۆڕێت بۆ هاندانی گۆڕان لەناو خودی دەوڵەتاندا.[4]

دوو لایەن زۆر گرنگن کە ئەم چەمکە نوێیە جەختی لێدەکاتەوە و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات. یەکەم، پێناسەکردنەوەیەکی بنەڕەتیی سەروەری دەوڵەتە بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی لە خۆ بگرێت، بەسەرچوو ئەو سەردەمانەی دەوڵەتان لە ناوخۆی سنوورەکانی خۆیاندا ئازادییەکی ڕەهایان هەبوو لە بەدیهێنانی هەر گۆڕانێک کە دەیخوازن. ئەمریکا دەخوازێت دووبارەی بکاتەوە کە دەوڵەتان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرپرسن لەوەی چی لەناو کۆمەڵگاکانیاندا دەگوزەرێت و لەوانەیە کاریگەری بۆسەر ئاسایشی جیهان و لە هەمووی گرنگتر ئاسایشی ئەمریکا هەبێت. بێگومان ئەم سەروەرییە مەرجدارە خودی ئەمریکا ناگرێتەوە چونکە کەس نییە لە ئەمریکا بپێچێتەوە و بەرپرسیار ڕابیگرێت لەوەی لەناو ئەمریکادا دەگوزەرێت. دووەم، کە پەیوەندی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە، جەخت کردنەوەیە لەسەر بەردەوامیی کاریگەرییەکانی

نیۆکۆنسێرڤەتیڤەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، نیۆکۆنسێرڤەتیڤەکان براوایان وایە کە سروشتی ڕژێم و کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان کاریگەری لەسەر ئاسایش و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دادەنێت، لێرەوە گۆڕینی ڕژێم دەبێت بخرێتە سەرەوەی ئەجێنداکانی حکومەتی ئەمریکیەوە. یەک گۆڕانی گرنگ کە لە ئێستادا باڵی کێشاوە بەسەر بەڕێوەبەرێتی بوشدا، ئەوەیە کە گۆڕینی ڕژێم مەرج نییە ڕاستەوخۆ و لەڕێگای هێزی سەربازییەوە بەدیبهێنرێت، بەڵکو دەکرێت لە ڕێگای دیپلۆماسیەتێکی توند و یەکلاکەرەوە هەمان ئامانج بەدەستبێت کە شاڵاوی سەربازی بەدیدەهێنێت. ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕاستییە سیاسیەکانی جیهان و سەرقاڵیی ئەمریکایە بە جەنگی عێراق و ئەفگانستانەوە، نەک گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەدا. هەروەک ڕاپۆرتەکە جەختی لێدەکاتەوە لە پەیوەند بە ئێران پەلاماری سەربازی هەردەم هەڵبژاردنێکە و فەراهەمە سەرەڕای بەردەوامیی دانوستان بۆ بەرگرتن بە ئێران بۆ بەدەستهێنانی توانای ئەتۆمیی. ڕاپۆرتەکە دەڵێت: "کردەی خودپارێزی لەسەر بنەمای ئەگەر و گریمانەی هەڕەشەی چاوەڕوانکراو مافی خۆمانە، ئەگەرچی گومانیش هەبێت لە دروستی گریمانەی ئەو هەڕەشانە لەپەیوەند بە شوێن، کات یان شێواز و ئاستی هەڕەشەکە."

ڕاپۆرتەکە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا وەک "ئایدیاڵیست لە ئەمانجە نیشتیمانەیەکانیدا و ڕیالیست لە بەرجەستەکردنیدا" دەناسێنێت. ئەمە هەمان سیاسەتی دەرەوەی بوشە لەسەرەتای دەست بەکاربوونەیەوە. داگیرکردنی عێراق باشترین نمایشی ئەم ڕێچکەیەمان بۆ دەکات لە پراکیتیزدا، عێراق بە بیانوی گۆڕینی ڕژێم و دیمۆکراتیزەکردنەوە داگیرکرا و داگیرکردنەکە شتێکی ئاسان بوو بۆ ئەو هێزە سەرسورهێنەرەی ئەمریکا هەیەتی. واتا ئەم داگیرکردنە تێکچرژانی ڕێچکەی ئایدیالیزم و ڕیالیزمە لە سیاسەتی دەرەوەدا. بەڵام ئەم ڕاپۆرتە و گۆڕانەکانی ڕەوانبێژیی بەڕێوەبەرێتیەکەی بۆش ئاماژەن بۆ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕەشناڵی نوێ بۆ جەنگەکانی داهاتوو، پاش ئەوەی ڕەشناڵی جەنگی عێراق و کۆی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەژێر پرسیاردایە. "تۆماس دۆنەڵی" گرێدانی تیرۆیزم بە دەوڵەتی شکستخواردووەوە بەگرنگ دەزانێت، چونکە دەوڵەتی شکستخواردو بەهەشتێکی بەپیتە بۆ گەشەکردن و چالاکیی گروپە تیرۆریستییەکان. هاوکات دۆنەڵی دەڵێت دەوڵەتی لاواز و شکستخواردو، بەتایبەتی ئەوانەی هەوڵی بەدەستهێنانی توانای ئەتۆمیی دەدەن دەکرێت بە مەبەست یان بەبێ مەبەست ئەو توانایانە بخەنە دەستی گروپە تیرۆریستیەکان و گورزی کوشندە لە ئەمریکا بوەشێنن. "پیتر بەیکەر" ئەم خوێندنەوەیە وەک پۆزش هێنانەوە بۆ شەپۆلێکی نوێی دەستێوەردان هەڵدەسەنگێنێت[5]، گرێدانی تیرۆر، چەکی ناوەکیی و دەوڵەتی شکستخواردو بەیەکەوە ئاماژەیە بۆ بەخشینی ڕەشناڵێکی نوێ بە ستراتیژی بنەڕەتیی بوش، هەروەها سەرەڕای

دەرئەنجامە چاوەڕوان نەکراو و نەخوازراوەکانی جەنگی عێراق بەردەام بوون لەو سیاسەتەی کە تا ئێستا گرتویەتیە بەر.

وێڕای ئەوەی ئێران و کۆریای باشور بەهۆی بەرنامە ناوەکییەکانیانەوە گرنگیەکی تایبەتیان پێدراوە، ڕاپۆرتەکە پێنج دەوڵەتی دیکە وەک نمونەی دەوڵەتی دێسپۆتیک لەقەڵەم دەدات، ئەوانەش بریتین لە: سوریا، بۆرما، کوبا، بێلەڕوس، لەگەڵ زیمبابۆی. هاوکات ڕەخنە ئاراستەی پاشەکشەی ڕوسیا دەکات لە ڕیفۆرمە دیمۆکراتیەکانی و چین هۆشیار دەکاتەوە لە گرنگیی بینینی ڕۆڵە نێودەوڵەتیەکەی، شتێک کە ئەمریکا پشتگیری دەکات، بەڵام بە توندی لە دژی هەر هەوڵێکی پێچەوانە دەوەستێیەوە.

ئەمریکا، ڕاپۆرتەکە دەڵیت، پێویستە هاوکاری و پاڵپشتی ئەو دەوڵەتانە بکات کە لەسەر ڕێچکەی ڕاستن بەرەو دیمۆکراسی، ئازادیی، دەوڵەتی یاسا و ڕێز لە مافی مرۆڤ. بەڵام وەک یەکێک لە دادوەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکا دەڵێت ئەم ڕیتۆریکانە پێچەوانەی بارودۆخی نێوخۆی ئەمریکان کە "ئەگەر هێرشی بوش بۆسەر دادوەریی سەربەخۆی ئەو وڵاتە بەردەوام بێت، ئەمریکا بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو دەنێت". هاوکات "جیمی کارتەر"ی سەرۆکی پێشووی ئەمرکیا لە کتێبێکدا مێژووی ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ لەلایەن حکومەتی بوشەوە لەم چەند ساڵەی دوایدا وەک پاشەکشە لەو پرینسیپلانە دەبینێت کە ئەمریکای لەسەر بنیاتنراوە. بەڵگە بۆ دروستیی ئەم بۆچوونانە ڕاپۆرتی "چوارساڵیی پێداچوونەوەی بەرگری"یە[6] کە جەخت لە گرنگی دەستئاوەڵایی پێنتاگۆن دەکاتەوە بۆ بردنەوەی ئەوەی بە "جەنگی درێژ" ناویدەبات کە جێگەی "جەنگی تیرۆر" دەگرێتەوە. ئەم ناونانە تەنها گۆڕانێک نییە لە ئاستە زمانەوانییەکەیدا بەڵکو گۆڕانێکە لە ئاستی ستراتیژدا لە جەنگی تیرۆرەوە بۆ جەنگی درێژ. لە جەنگی درێژدا وەک ڕاپۆرتە چوارساڵییەکە دەڵێت بۆ ئەوەی سەرکردە سەربازییەکان کاریگەرانە کارەکانیان ئەنجام بدەن پێویستیان بە دەسەڵاتی زیاتر و ئاسانکاری زیاتر هەیە لە یاساکاندا. ئەمە پەلامارێکی ئاشکرایە بۆ سەر چەمکی جودایی دەسەڵاتەکان لە ئەمریکا، هاوکات هەوڵێکە بۆ لابردنی هاوسەنگی و پێداچونەوەی (check and balance) دیمۆکراتیانەی دەسەڵاتەکان لەو وڵاتە.

ئەوەی ئەم ڕاپۆرتە لە کۆتاییدا جەختی لێدەکاتەوە مەزنیی ئەو کێشانەن کە ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبنەوە، بەڵام هاوکات جەخت لە مەزنیی هێزی ئەمریکا دەکاتەوە کە دەتوانێت کاریگەرانە بەرەنگاری هەڕەشەکان ببێتەوە. چیتر دوو زەریا ئەمریکا لەو کێشانە پەنا نادەن کە لە وڵاتانی دیکە دەگووزەرێن، بەڵکو ئەمریکا پێویستی بە ڕووبەڕوو بوونەوە و تێکەڵ بوونی زیاتری جیهانە نەک کەنارگیریی. بەواتایەکی دیکە

بۆئەوەی ئەمریکا ئاشتی ناوخۆیی دەستبەربکات ناچارە جیهان بگۆڕێت، چۆن دەیگۆڕێت پرسیارێکە بۆ ئایندە بەجێدەمێنێت.

ئۆکسفۆرد/بریتانیا
2006/04/17

---

[1] Paul Rogers, (09/02/2006), The world as a battlefield,
http://www.opendemocracy.net/debates/article.jsp?id=2&debateId=89&articleId=3251

[2] بۆ بینینی کۆی ڕاپۆرتەکە بڕوانە:
http://www.whitehouse.gov/nsc/nss/2006/

[3] Mariano Aguirre, (31/03/2006), Bush's security strategy: defend the nation, change the world.
http://www.opendemocracy.net/democracy-americanpower/bush_security_3408.jsp

[4] Dr. Stephen Krasner, http://www.cgdev.org/content/calendar/detail/5723

[5] Peter Baker (16/03/2006), Bush to Restate Terror Strategy: 2002 Doctrine of Preemptive War To Be Reaffirmed, Washington Post.
http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2006/03/15/AR2006031502297.html

[6] بۆ بینینی ڕاپۆرتەکە بڕوانە:
http://www.defenselink.mil/qdr/